# بڵاوبونەوەی زار و زمانەکان لەنێوان پەلهاویشتن و پوکانەوەدا–لەبەر ڕۆشنایی زانستی درەختەکاندا

**سەباح ڕەشید قادر**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ژمارەی ئەو زمانانەی لە جیهاندا گفتوگۆی پێدەکرێ لەنێوان بەسەرکەوتن و دابەزیندا دەلەنگێ، لە مێژوی مرۆڤایەتیدا هۆکارە کۆمەلایەتییەکان جیاوازن و بەرێگەی جیاواز و پێچەوانە، هەندێ دەبنە مایەی لەناوچونی زمان و هەندێکی تر دەبنە مایەی دەرکەوتنی زمانی تر.

جۆری لەناوچونەکە لە ڕوی توندی و کەمییەوە، بەپێی بارودۆخە مێژوییەکە دەگۆڕێ. (Baker 2003) وا گریمانە دەکات، کە ئەنجامێکی مێژویی ڕوبەڕوبونەوەی دو نەتەوەیە لەژێر سایەی دو بارودۆخی زۆر تایبەت بەخۆیان، لە کۆکردنەوەی توخمەکانی ئەو دو زمانەدا و دروستکردنی زمانێکی نویدا. جیاوازیی مۆرفۆلۆجی زمانەکان ڕۆڵدەگێڕن لە خۆڕاگری زمانەکان لە لەناوچون، (بۆ نمونە زمانی کوردی و عەرەبی)، بۆیە بەو هۆکارەی سەرەوە زۆرجار پاراستنی زمان بە هەمو زار و شێوەزارەکانییەوە زۆر لەبارترە بۆ پاراستنی زمانەکە لەبەرامبەر ئەو هەوڵەی بۆ بەستاندارکردنی دەدرێ.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بڵاوبونەوەی زار و زمانەکان لە نێوان پەلهاویشتن و پوکانەوەدا–لەبەر ڕۆشنایی زانستی درەختەکاندا). بناغەکانی ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ بۆچونەکانی ڕوەکناسان سەبارەت بە شێوازی گەشەکردنی ڕوەکەکان لە پێوەندی لەگەڵ ژینگە جیاوازەکاندا. گۆڕینی ئەم بیرۆکەیە بۆ بەکارهێنان لە بواری زارناسیدا لەلایەن زمانزان (هدسن)ەوە دەرکەوت. بەستنەوەی ئەم مۆدێلە بە گەشەسەندنی ڕوەک لە ژینگە جیاوازەکاندا، جێی سەرنجیە. لەم مۆدێلەدا لێکۆڵینەوەکە قوڵ دەبێتەوە بۆ ڕونکردنەوەی هەندێک دیاردە و دەرکەوتنی زمانەوانی، کە لە مۆدێل و تیۆرییەکانی پێشودا ئاماژەیان پێنەکراوە، وەک جیاکردنەوەی زارەکان لە زمانەکانیان و مانەوەی ئاخێوەرانی زارێک لە ناوچەیەکی داخراودا، دور لە زار یان زمانە ڕەسەنەکەیان؟ ئایا زمانەکان بەهۆی بەرگری ئاخێوەرانیان لە ململانێی زمانیدا، دەتوانرێت بەو دەرهاویشتانە بچوێنرێن کە ڕوەکەکان بەرهەمی دەهێنن لە بەرانبەر هەمو ئەو مەترسی و ئافاتانەی کە لە پرۆسەی گەشەکردنیان و لە ژینگە جیاوازەکاندا دروست دەبن؟ توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە تا ئێستا چارەسەری قایلکەریان بۆ نەدۆزراوەتەوە.

**کلیلە وشەکان:** پەلهاویشتن، پوکانەوە، جذمور/ ڕایزۆن، جەختکردنەوە لە ناسنامە، تیۆری شەپۆلەکان، ڕوەکزانی.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper37
**Received:** 04-July-2022
**Accepted:** 25-July-2022
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author E-mail:**
dr.sabahrashed@yahoo.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin

## پێشەکی

### ناونیشان و سنوری توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (زار و زمانەکان لە نێوان پەلهاویشتن و پوکانەوەدا –لەبەر ڕۆشنایی زانستی درەختەکاندا) بە شیکردنەوەی لە سنوری لێکدانەوەی زمانەکان، کوردی و زار و شێوەزارەکانیەتی، خۆبەستنەوە بەتیۆری (تۆوکردن – یان چاندنی درەختەکان، هەندێ لە دیاردە نامۆکانی گەشەکردنی زار و زمانەکان ڕوندەکاتەوە و بەپێی بۆچونەکان چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە.

### کێشەی توێژینەوەکە:

دەکرێ کێشەی توێژینەوەکە بەسەر دو جۆردا دابەشبکەین.

- کێشەی گشتی: کە لەناو زۆربەی زار و شێوەزارەکاندا بەدیدەکرێ، بەتایبەتی ئەو گۆڕانکارییانەی وابەستەی مێژوی ناوەوە و دەرەوەی زار و زمانەکانە. لە ناوەوە گۆڕانکارییە لە پێکهاتەی زمانەکە و لە دەرەوەش هەژمونی زمانێکە بەسەر زمانێکی دیکەدا.
- کێشەی تایبەت: بە مانەوەی قسەپێکەرانی دیالێکتێک یان زمانێک بەدابڕاوی لە شوێنێکی دورەدەست، پاراستنی سیمای ڕێزمانی زمانەکە کاریگەربون بە دەوروبەرەوە ئەو دیاردەیەش لە هەندێ جار لە گوندێک یان ناوچەیەک یان هەرێمێک دەبێ، هەوڵی ئێمە ئەوەیە لێکدانەوەیەک بۆ دیاردەکە بدۆزینەوە.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەنێوان وەسفێکی درەختی و زمانەوانی دەبێ لەپاڵ هێنانەوەی هەندێ بەڵگەی مێژوویی، بۆ شیکردنەوەکان وەسفێکی ئێستایی-مێژویی لەخۆی دەگرێ.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، بۆ ئەوەیە چارەسەری ئەو گرفتانە بکات، کە تیۆرەکانی (درەختە خێزانییەکان و شەپۆلەکان) بە هەڵواسراوی هێشتیانەوە و چەرەسەریان بۆی نەبو.

### ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەكە دوای ئەم پێشەكییە كورتە و پوختەكە، بەسەر سێ بەشدا دابەشدەبێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەكەم:** چێوەیەكی گشتی بۆ بڵاوبونەوەی زار و زمانەكان دادەڕێژێت، بەپێی بۆچونە جیاوازەكانی زمانەوانان و چێوەی تیۆرە جیاوازەكانی بواری دیالێكتۆلۆژی.

**لە بەشی دوەم:** زیاتر شیكردنەوەكە دەبێتە بواری درەختناسی، كە تیایدا بەپێی زانستی زیندەزانی باس لە گەشەكردن و وشكبون و پوكانەوەی درەختەكان دەكات، جەختكردنەوەش لەسەر ئەو جۆرە دەبێ، كە بە ڕیزۆم (جذمور).

**لە بەشی سێیەمدا:** هەوڵدراوە بۆچونەكانی بەشی یەكەم و دوەم بەسەر بڵاوبونەوەی زار و زمانەكاندا جێبەجێبكرێ. خستنەڕو و ئەنجامەكان و كورتەی بابەتەكە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ڕیزكردنی سەرچاوەكانی توێژینەوەكە دەبێت.

## بەشی یەكەم: زار و زمانەكان لەنێوان پەلهاویشتن و پوكانەوەدا لەبەر ڕۆشنایی زانستە درەختییەكاندا

### ١-١ سەرەتا

بنچینەی ئەو بۆچونە بۆ هەندێ لە سەرنجەكانی درەختناسەكان دەگەڕێتەوە، كە تیایدا ڕەوت و ڕێڕەوی درەختەكان لە گەشەكردندا بە ژینگەی جیاواز دەخاتەڕو، ئەو بۆچونە لە بواری زارناسیدا لەچێوەی نیو لاپەڕەیەكدا لای (Hudson) خراوەتەڕو، ئەوەش گوایە بەهۆی سەرنەكەوتنی تیۆری شەپۆڵەكان بو بە پراوپڕی لە بواری بڵاوبونەوەی زار و زمانەكاندا، ئەو تیۆرە نوێیە یان نمونە نوێیەی شیكردنەوە و لێكچواندنی زار و زمانەكان و بەستنەوەیان بە گەشەكردن و وەستان لە گەشەكردن بەپێی ژینگە تازەكانی ڕوەكەكاندا. دەكرێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا شیكردنەوەی بۆ بكرێ:

١- دابڕانی زارەكان لە زمانەكانیاندا.

٢- مانەوەی هەندێ قسەپێكەران لە ڕوبەرێكی دابڕاودا بەزارە كەسیەكەی خۆیان.

٣- زمانی دایك لە تاراوگەدا.

ا. منداڵی لەدایكبوی تاراوگە.

ب. كۆچكردن لە تەمەنێكی دیاریكراودا.

٤- ئەو توانست و فەرهەنگە عەقلییەی كە ژینگە بۆ منداڵێك بونیادی دەنێت.

٥- كاریگەری ژینگە بەسەر توێژی دەرەوەی ڕوەكەكە.

٦- بەرگریكردنی ڕوەك بە دژە ڤایرۆسێك كە خۆی دەیڕژێنێ.

٧- ماددەی ئەسین.

٨- ماددەی نیكۆتین لە بەرەنگاربونەوەی ڕوەكی توتن بەرانبەر مەترسییەكانی لەناوبردنی ڕوەكەكە.

٩- ناسنامەی نەتەوەیی و بەرگریکردن.

## ٢-١ ڕەچەڵەکی کوردی بەپێی بۆچونە تازەکان

(هدسن-Hudson) وایدەبینی، کە چاکتر وایە تیۆری شەپۆڵەکان وازی لێبهێنرێ، بەڵام لێکچواندنی دواتر، کە لە زانستی ڕووەک وەرگیراوە لەبارترە بۆ ئەو بوارە، کاتێ کە ژمارەیەک جۆری جیاواز لە تۆو، لە هەمان کێڵگە ڕودەکرێ بۆ چاندنی، تۆوەکان لە دەرەوەی ئەو چێوەی بۆی دیاریکراوە بڵاودەبێتەوە، هەر پۆلێکی ڕوەکە یەکەیەکی زمانی دەنوێنێ لە چوارچێوەی ئەو لێکچواندنەدا، بە واتای ئەوەی ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە لە بڵاوبونەوە و بڵاوەکردنی تۆوەکاندا، ئەوە دەکرێ بە (هێڵی دەستنیشانکردنی زارەکان) ناوببرێ، ئەو هێڵەیە، کە بۆ ئەو سنورەی بۆ بڵاوبونەوەی پۆلی ڕوەکەکان گریمانە کراوە، لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە پۆلە ڕوەکەکان بەیەکەوە بژین و لەهەمان ناوچە و هەرێم (کێڵگە ڕوەکیەکە) ئەوەش دەکرێ بە جۆرێک بە ڕەفتار و ئاسانکارییەک دابنرێ لە بواری ڕوەکناسیدا، بەڵام وا دیارە پێویستە ئەو پۆلانە دەستنیشان بکرێت، کە کێبڕکێ دەکەن لە یەک شوێندا، هەروەکو ئەو یەکە زمانیانەی کێبڕکێ دەکەن، وەکو هەردو دارشتەی درکاندنی وشەی (Farm)، یەکێ لە جیاکاریەکانی ئەو لێکچواندنە ئەوەیە کە خۆی بەدوردەگرێ لە گۆڕانی بەردەوامی پۆلە ڕوەکییەکان لەو کێڵگەیەدا بۆ هەر پۆل و یەکەیەک، لە لایەکی ترەوە دەتوانی لەم لێکچواندنەدا هەمو یەکە زمانییەکان لەخۆبگرێت نەک تەنیا یەکە زمانییە تازەکان، لە چوارچێوەی ئەو لێکچواندنە نوێیەدا هەر تازەگەرییەکی زمان وەکو پۆلێکی نوێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کە (لە میانەی کردەی گۆڕانی بۆماوەیی، یان هێنانی لە دەرەوە) ڕودەدات، جا دەروێ یان نا، بەڵام ئەگەر ڕوا و گەشەی کرد و بڵاوبۆوە، لەوانەیە شوێنی ڕوەکە ناکۆکیکەرەکان بگرێتەوە، ئەگەر وا نەکا لەوانەیە لە ئەنجامدا بپوکێتەوە بەتەواوی یان لە سنورێکی زۆر بەرتەسک بمینێتەوە (واتە بەکارهێنانەکەی تەنیا بە کۆمەڵەیەکی قسەپێکەرانی بچوک دەمینێتەوە، گەشە و پەرەسەندنی هەر پۆلێک لە بنچینەدا پشت بە هێزی بەکارهێنەرەکانیەوە دەبەستێ وکاریگەریی ئەو کۆمەڵە قسەپێکەرانەی بەکاردێنێت. هەرچەند قەبارەی ڕوەکەکە زیادبکات ژمارەی ئەو تۆوەی بەرهەمی دێنێ زیاددەکات، بواری دەدات گەشە بکات وپەرەبستێنێ و لە هەرێم و ناوچەی تازە بڵاوبێتەوە) بڕوانە (Hudson: 1980, 39-40). تۆوی بەرهەمەکە بەرانبەر زیادبونی ژمارەی قسەپێکەرانە.

## ٣-١ مێژوی ناوەوە و دەرەوەی زمان

ئەو ناونیشانە دو چەمکی جیاواز لەخۆدەگرێت، هەردو ئەو چەمکە بە شێوەیەکی فراوان لە بوارەکانی زانست و هونەر و زمانەوانی مێژویی بەکاردێت، ئەو دو چەمکە بازنەی چالاکی و بەکارهێنانەکانیان تاڕادەیەک نادیاری و تەمومژی تێدەکەوێ، بەهۆی ئەوەی گەلێ بۆچونی جیاواز بەدرێژایی مێژو لەبارەیانەوە گوتراوە، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو نادیاری و تەمومژییە دەکرێ بوترێ، کەوا مێژوی دەرەوەی زمان پێشینەیەکی مێتافیزیکیە بۆ مێژوی ناوەوەی

زمان، کاتێک لەڕوی مێژووەوە شیدەکرێنەوە بۆ هەر زمانێک دەکرێت پێویستیمان بە هەردوکیان هەبێ، هەرچەند ئەو لێکدانەوانە مێژویەکی نائارام و پڕ ئاشوپ دێنێتە کایە، وەکو گۆمێکی ئاوی ئارام، کە دەکرێ تەنیا ڕێگە بە ڕۆیشتنی ئارام بدات، بەڵام لە کۆتاییدا ڕێڕەوێک لەنێوان هەردوکیاندا بدۆزێتەوە بۆ ڕەوت و ڕۆیشتن، لای مێژونوسەکان کێشەیەک هەیە، لەوەی هەندێ لە ڕوداوەکان یان زانیارییەکان دابڕاون و بەیەکەوە پەیوەست نین بۆیە بۆ ئەوەی مێژوەکان زیاتر واقیعی بن دەبێ ڕوداوەکان پەیوەندیدار و لێکگرێدراوبن، براونە ( Musil: 1995: 39). ئەگەر ئێمە بمانەوێ ڕێڕەوێکی مێژوی دروست و ڕاستەڕێ لە گۆمێکی ئاڵۆز و تەمومژدا بۆ ڕوداوە مێژوییەکان دروستبکەین، پێویستمان بە شتێکی ڕونتر دەبێ، بۆ نمونە کە باس لە گێڕانەوەیەکی مێژویی وەک گێڕانەوەی "گیانی ڕەها–Hegels Overarching"ی لای هێگڵ دەکەین، دەبێ بەمێژویی ئەو وشانەدا بچینەوە لە واقیعی بەکارهێنانی ئەو چەمکە بەکارهاتوە، بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی تەواوی مێژوی جیهانی، جاری واش هەیە ڕوداوە بەیەکداچوە تێکچڕژاوەکان لە کاتێکی گونجاودا بەهۆی ڕوداوێکی ترەوە ڕوندەبنەوە: بڕوانە ( Manava. S: 2014: 225).

ئەوەی ئێمە پێویستیمان بە لێکدانەوەیەتی لایەنی مێژوی زمان و زمانەوانییە، چونکە سێ بوارەکەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەو مێژوی ناوەوە و دەرەوە بە چەمکی جیاواز بەکاردێنن. Wolfflin پێیوایە کە کاتێک باسی ئەو دو چەمکە دەکەین، پێویستیمان بە مێژوی ناوەوە هەیە. مێژوی ناوەوەش دەبێ لۆجیکی بێت بەر لە مێژوی دەرەوە، مەبەست لە مێژوی ناوەوە توانستی عەقڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤە، مێژوی بینین و دیدی مرۆڤ، بە سەرنجدان لە وێنەکان، ئەو پێیوایە دیدەکان خۆیان مێژوەکانن بنەمای (الفن للفن – هونەر بۆ هونەر) ئەو بنەمایە، لە بواری هونەردا لە سەدەکانی ناوەراست باوبو)، دۆزینەوەی ئەو توێکلە دەرکەوتوانە کاری سەرەکی مێژوی هونەرە، مانای ئەوە نییە تێگەیشتنی ڕەهای زانیارییە دەرکەوتوەکان بەدەست بێنێ، بەڵکو تێگەیشتنی تەواو لە کارکردن و سیستەمی ئاڵۆزی درکپێکردن و چۆنیەتی کارلێکردنیان، لەگەڵ سیستەمی درکپێکردنی خۆمان، ئەویش سەرنج و وێنە زەینییەکان لەخۆدەگرێ. بەشێوەیەکی ڕونتر، خەڵکی چۆن لە سەدەی (١٦)هەم سەیری تابلۆکانیان کردوە. بڕوانە ( Bence Nany 2013: 5). مێژوی دەرەوەی زمان بریتییە لە مێژوی قسەپێکرانی زمانەکە لەڕوی کاریگەرییان لەسەر ئەو زمانانەی بەکاریدێنن، ئەو کاریگەرییەش بە هەندێ هۆکار دێتەکایەوە، وەکو لایەنی جوگرافیای سیاسی، لایەنی بەرزونزمی خاکەکە (Topography) ئەو پارچە ڕوبەرەی لەسەریدا دەژین، کۆچکردنەکانیان (بۆ، و لە) شەڕ و جەنگەکانیان، داگیرکردنی ناوچەکانیان لەلایەن خەڵکانی ترەوە، سیستەمی بەڕێوەبردن وحوکمکردنەکانیان؛ هونەر و زانستەکانیان؛ دابونەریتی ژنهێنانیان؛ دارشتەی خێزانەکانیان؛ تەلارسازی و وەرزشکارەکانیان؛ باری ئابوری و تەکنەلۆجیان؛ ئایین و فەلسەفەکانیان؛ کاروبازگانیەکانیان؛ گەشت و گوزارەکانیان؛ هەمو لایەنەکانی تری ژیانیان. کاریگەرییەکان لەسەر ڕۆنانی زمانەکە و بیرکردنەوەیان دەبێ.

زمان بەشێکە لە چالاکی مرۆڤ، هیچ شتێک نییە مرۆڤ بیکات و ڕەنگدانەوەی لەسەر زمان نەبێ و کاریگەریی خۆی بەسەر زمانەکە جێنەهێڵێ، وەکو Whorph 1956 ئاماژەی پێداوە کەوا شتێکی حەتمییە، Inescapably قاڵب و دارشتەکانی بیرکردنەوەمان، بیرکردنەوە لە جیهان دەڕژێتە ناو زمانەکەوە، ئەوە بواری ئەوەمان پێدەدات کە بڵێین مێژوی دەرەوەی زمان، واتای پەیوەندیکردنی ناو کۆمەڵگە دەگەیەنێ، لە بەرامبەردا مێژوی ناوەوەی زمان دژ و پێچەوانە دەوەستن، مێژوی ناوەوە سەبارەت بە سیستەمی زمانەکە و گۆڕانی ناوەوەی زمانەکە لێکدانەوە دەکا، بۆ نمونە مێژوی زمانی ئینگلیزی، بەشێکی مێژوی دەرەوەی زمانی ئینگلیزیە، کە بەهۆی کۆچبۆکردن و کۆچ لێکردنەوە بونیاددەنرێن، لەو قۆناغەی ئەوان بە (قۆناغی تاریکی ناوی دەبەن)[i] هاتونەتە بەریتانیاوە، ماوەیەک ئەلفوبێی ڕۆمانی (لاتینی) سەپێنرا لە بواری نوسینەکانیاندا، چونکە بەشێک لە ئینگلیزەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی دەدوان، وایلێهات ئەوە لە باکوری ئەمریکاش (ئەمریکای باکور) لە سەدەی (١٧) هەمدا بڵاوبۆوە، لێرەدا زنجیرەیەک گۆڕانکاری لە بواری زمانەوانییەوە دێتەکایە، لە یەکەی زمانەوانی (یەکە فەرهەنگییەکان، لەو سیستەمەی کە پەیوەندی بە چۆنیەتی قسەکردنەوە هەیە (ڕێزمانی زمانەکە)، ئەوە لە ڕۆنانی ژێرەوە لە ڕێگەی ئەزمونی قسەکەرەوە، یان بەکارهێنەری زمانەکەوە دروستدەبێ، ئێمە دەتوانین وەسفی ئەوە بکەین، چۆن ئەو وشانە بە وەرگرتن دێنە ناو زمانەکەوە، یان چۆن سەرلەنوێ لە زمانەکە دادەڕێژرێتەوە، لە وشە وەرگیراوەکە، یان وشەی ئەسڵی فەرهەنگی زمانەکە خۆی. ئێمە دەتوانین یاسای دەنگی دابڕێژین، یان بگۆڕین و وەسفی ئەو گۆڕانکارییانە بکەین، یان لابیدەین لە ڕێزمانی زمانەکەوە، یان گۆڕینی پۆلی زمانەکە لە زمانێکی گەردانیەوە بۆ زمانێکی دابراو، یان گۆڕینی شوێنی بەرکار لەپێش کارەوە بۆ دوای کارەکەوە:

O ⟵ V

V ⟶ O

بۆ نمونە ڕیزبونی کەرەستەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە زمانی ئینگلیزی (SOV) بوە، بەشێوەی، (O⟵V) واتە هاتنی کردار دوای بەرکار کە لە نوێترین داڕشتندا بە ($V^2$) ناودەبرێ، کەچی ئێستا زمانی ئینگلیزی پەیرەوی (SVO) واتە (V → O) دەکات بە ($V^1$) ناودەبرێ (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە Franklin & Rodman 1988: 163, 143 بڕوانە Mattews 1997: 134)، پوختەی بۆچونەکان ئەوەیە: مێژوی ناوەوەی زمان ئاماژەیە بۆ گەشەکردنی مێژوی زمانەکان لەبارەی فۆرمی زمانەوانییە (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس، فەرهەنگ، سیمانتیک، بە بەراورد لەگەڵ مێژوی دەرەوەی زمان کە ئاماژەیە بۆ مێژوی کۆمەڵایەتی و جوگرافیای سیاسی (Geopolitics) زمانەکە، بەوەش دەکرێ مێژوی زمانەکان بۆ دو بەش دابەشبکرێن، لایەکیان گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کەچی مێژوی ناوەوە گۆڕانی زمانەکە دەگرێتەوە لە ڕوی فۆرم و ڕۆنانی زمانەکەوە، ئەوەش هەمو ئاستەکانی زمانەکە دەگرێتەوە و هیچ ئاستێکیش لەو کاریگەرییە بەدەرنییە.

### ١-٤ تەوەری دوەم: ڕەچەڵەکی جیاواز و بۆچونی جیاواز سەبارەت بە زمانی کوردی

#### ١-٤-١ سەرەتا:

سەبارەت بە مێژوی زمانەکان وپۆلکردنی زمانەکان و بنەچە و ڕەچەڵەکی زمانەکان گەلێک شت وتراوە، ئێستاش هەر دەوترێ، پێموانییە هەموشی ڕاست بێت، لەگەڵ گەشەکردنی عەقلی مرۆڤ و شانبەشانی گەشەکردنی زانست و بەستنەوەی هەمو بوارەکانی ژیان پێکەوە (بواری فیزیک، کیمیا، زیندەزانی، بیرکاری و فەلسەفە و لۆجیک و بەستنەوە بەیەکەوە لە لایەک و بەستنەوەیان بەزمانەوە، لەلایەکی ترەوە، گەلێک لە ڕاستییەکان دەگۆڕن، دەرکەوتنی هاوکێشەی (DNA) لە بواری شیکردنەوەکاندا، لەوانەیە هەمو ئەو پەیوەندییە زمانی و شێوەزارییانە هەڵوەشێنێتەوە، بۆیە من پێموایە مامەڵەکردن لەگەڵ بڵاوبونەوەی زار و زمانەکاندا سنوری ڕوکەشدا و پەیوەندیەکانی سەرەوە بمێنێتەوە چاکترە، یان هەر لە سنوری ئەتڵەسی جوگرافی زمانەکان و مێژوی دابڕاوەکانی قسەپێکەرانییەوە قەتیس بکرێت باشترە، هەمو بۆچونەکانیش بە تیۆریەکانیشەوە لە بنچینەدا بۆچونی تاکەکەسن و گەشەی پێدراوە، سەرپێبونی زمانەکان و پۆلکردنیان و دانەپاڵی زارێک یان زمانێک بۆ پاڵ زمان و زارێکی تر هیچ مەرجێکی ڕاستی تێدا بەدیناکرێ. چاکتریش وایە مامەڵەیەکی ئێستایی-وەسفی لەگەڵ زمانەکاندا بکرێت، لە هەموشیاندا دەسەڵات و سیاسەت ڕۆڵی هەبوە لە سەپاندنی هەندێ زمان بەسەر زمانەکانی تردا، من پێموایە بەو زانیاریەی کە هەمە، ئەو کاتەی دوای بۆچونەکە ولیم جۆنسس و کۆیەدۆکس و پەیدابونی زمانەوانی بەراوردکردنی لەبەر ڕۆشنایی بۆچونەکانی فرانز پۆپ وهاوەڵەکانیان کە کورد بەگشتی خاوەن قەوارەیەکی سیاسی بوایە ئێستا لە چوارچێوەی ئەو پۆلکردنە نەبوایە. مەسەلەی زمانی هیندوئەوروپی دایک و دایکی زمانەکان هیچ بنەمایەکی زانستی پڕواپڕی نییە، چونکە ڕەوتی مێژویی نەتەوەکان و زمانی سەنسکریتی و گریک و ڕۆمانەکان مێژوییەکی تر دەدەن بەدەستەوە، لە هەندێ لە تابلۆ قوڕەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد هەندێ بۆچونی وا بەدیدەکرێ، کە کورد بۆ ڕەچەڵەکی سۆمەرییەکان دەگێڕێتەوە[ii]، سۆمەریەکان بەر لە ٥٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین لە (دۆڵی نێوان دو زێ) – (وادي الرافدين) ژیاون وخاوەن شارستانیەکی گەورە ودەسەڵاتێکی بەرفراوانبونە، ئەو ڕەچەڵەکەش لە دەرەوەی ڕەچەڵەکی نەتەوەی سامییەکان (Semites) بونە کە نەتەوەکانی ئەکەدی و بابلی و ئەمورییەکان (Amorites) ...هتد. ئەو دوڕیانە خاڵگەلێکی پێگەیشتنی کورد بە سۆمەرییەکان دەبەستێتەوە. ئێمە نامانەوێ توێژینەوەکە بە ئاراستەی مێژوییدا بەرین.

لە زمانەوانی نوێدا مۆدەلی شەپۆڵەکان هاوکارێکی باش بو بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕیانەی لە مۆدەلی درەختی خێزانەکاندا بەدیدەکرا، بەڵام وەکو جێگرەوەیەک بۆ ئەو مۆدەلە نەهاتە کایە. هەندێ لە زاناکان پێشنیاری ئەوەیان کرد، کە تیۆری شەپۆڵەکان بکرێتە شوێنگرەوەی درەختەکان نەک تەواوکەری تیۆرەکە، بۆ ئەوەی بتوانێ ببێتە نوینەری زانستی بۆماوەیی زمان (Language Genealogy)، کارەکانی هاوچەرخ لەو بوارەدا جەخت لەسەر خێزانێکی زمانی لە زنجیرەیەکی پەیوەندیداری (Linkage)، هەر خێزانێکی زمانی لە زنجیرەیەکی بەیەکەوە

بەستراوی دیالێکتێکی پێشو هاتۆتە خوارێ، ئەوەش نەکرا لە درەختە خێزانیەکاندا بنوێنرێ، بۆیە پەنا دەبرایە بەر مۆدەڵی شەپۆڵەکان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( Crystal, 1970, 148)

**لایەنێکی مێژویی:**

دوای ئەوەی بۆچونەکەی (August Schleicher, 1873) باڵی بەسەر هەمو بۆچونەکانی تردا کێشا، بەناوی درەختی خێزانەکان، بۆ ڕونکردنەوە و نواندنی پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان زمانەکانی یەک خێزان. گەلێ پێشنیازی تر لەو سەردەمە هەبو بۆ ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان زمانەکان لە مێژودا، بۆ نمونە تیۆری شەپۆلەکان، کە لەلایەن (Johannes Schimid, 1972) پێشنیازکرابو، وەکو ئەوەی (Hock's, 1991, 452) شییدەکاتەوە، دواتر ئەو تیۆرە لەلایەن (Kaylan & Francois, 2018) زیاتر گەشەی پێدرا. بڕوانە (Kaylan, S. & Francois, 2018, 7)

**لایەنە چاکەکانی تیۆری شەپۆڵەکان**

ئەو تیۆرە بوە سروشتێکی سەرەکی بۆ چەند بەرنامەیەکی زمانەوانی بەتایبەتی دیالێکتۆلۆجی، لێکۆڵینەوە لە جیاوازی زارەکان، کە هەردەم شێوەی ئەتڵەس و نەخشەی زمانی وەردەگرێ، سنوری زارە یەکسانەکان دیاریدەکات تاوەکو سنورە تەمومژاوییەکانیش بڕەوێنێتەوە. (بڕوانە Hudson: 129)

لە تیۆری شەپۆڵەکاندا لایەنی هەرە ئەرێنی لەوەدایە کە دەتوانێ لێکدانەوە بۆ تێکچڕژانی زارەکان بکات، لەڕێگەی گریمانەکردنی هەندێ چەقی جوگرافی (Geographical Foci) جیاواز بەهۆی بڵاوبونەوەی یەکەی زمانی جیاواز لە نێوان ئەو زارە جیاوازانەدا، بۆ نمونە لە دابەشبونی زارە کوردییەکاندا بەکارهێنانی دەنگی /ش/ لە وشەی فرۆشتندا لەگەڵ بەکارنەهێنانی لە هەندێ ناوچەی ترداکە بە وشەی (فرۆتن) دەیدرکێنن دەکرێ پێوەرێک بێت بۆ دانانی سنوری هەندێ لە زارەکان، بەڵام هەندێ جار ئەو پێوەرە ئاڵۆزی تێدەکەوێ لەوەی، ئەگەر ئێمە بۆ نمونە وشەی (فرۆتن) بە وشەی نوێی دابنێین کە لە ئەنجامی یەکێک لە ڕێگەکانی داڕشتنی وشە (Word Formation) هاتبێتە کایە جا، بەڕێگەی داتاشین، داڕشتن، لێکدان و داهێنان یان هەر ڕێگەی تر لە دروستکردنی وشە بێت، ئەو کاتە پێوەرەکە وەکو پێویست نابێت، بۆ نمونە چاوگی (شوشتن) ئێستا لە ناوچەی سلێمانی بۆتە (شتن)، کەواتە دەکرێ وەکو چاوگێکی نوێ، یان لەدەستدانی دەنگی //ش// لەقەڵەم بدرێت، چونکە ئەو کیشەیە لە زمانی ئینگلیزیش هەبوە، کە لە ڕێگەی وشەی (Farm) لە ڕوی درکاندنی (r)ەوە وەکو پێوەر بۆ دەستنیشانی سنوری زارە ئەمریکیەکان، بەڵام دوایی تێبینی کرا کەوا بەکارنەهێنانی (r) پەڕیوەتەوە سنوری ئەو زارەی کە پێشتر بەکاریاندەهێنا. ئەوەی لەبارەی تیۆری شەپۆڵەکانەوە لەپاڵ لایەنە چاکەکانیەوە کە لێیدەگیرێ ئەوەیە: هیچ بەربەستێک نییە لەوەی (دو بەرد یان زیاتر فڕێدرێتە ناو یەک گۆمی ئاوێکەوە و نزیک لەیەکتر، لێرەدا سێنتەر و چەقەکان زیاتر دەبێت، ئەو چەقەی کە شەپۆڵەکانی لێ دەستپێدەکات و شەپۆڵ دەدات و بڵاودەبێتەوە، لەلایەکی

ترەوە لەوانەیە ئەو چەقانە گۆڕانی بەسەردابێت، وەکو چەق نەمێنێتەوە، (بە تایبەتی لە کۆمەڵگە زۆرەملێ و شارەدێ و قەزاکان و شارۆچکەکاندا، ئەو گۆڕانەش هەردولا دەگرێتەوە، لایەنی بەهێزبونی یان لاوازبونی زارەکە، بەڵام ئەوەی دەبێ لەبەرچاوبگیرێ ئەوەیە مەرج نییە هەمو دەم بڵاوبونەوەی ئەو یەکە نوێیە بەردەوام بێت، بەهەر هۆیەک بێت، بۆ نمونە هەندێ جار خەڵکی خۆیان ڕێگە لە بەکارهێنانی هەندێ وشە و زاراوە دەگرن، لەژێر ڕۆشنایی جەختکردنەوە لەسەر ناساندنی کەسایەتی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان ئەو کردەیە لەژێر ڕۆشنایی تیۆری Act of Identity تیۆری خۆسەلماندن وەکو زمان یان نەتەوە هەندێ جار بە تیۆری Identity Affirmation Act Theory ناودەبرێ، (بڕوانە: Le Page and Keller, 1985: 216)

ئەوەش وا دەکات کە هێڵی دیاریکردنی سنوری زارەکان گۆڕانی بەسەردا نەیەت: بۆ چەند سەدەیەک ئەوەش دژ بە ئەو شەپۆلانە دەوەستێ کە لە گۆمە ئاوەکە دەجوڵێن، بۆیە ئەو یەکە زمانییە ناتوانرێت بۆ دورترین شوێن بنێردرێ، ئێمە لە تیۆری شەپۆڵەکان ئەوەمان بەکارهێنا وتمان بڵاوبونەوەی یەکە زمانیەکە پەیوەندیی بەو پایە کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە یەکەکە بەکاردەهێنن، نمونەشمان بە درکاندنی دەنگی (ر) لە وشەی Farm، وتمان ئەو بنزارەی پێشتر بەکاریاننەدەبرد ئێستا بەکاریدێنن. (بڕوانە: Hudson 1980: 39)

هەردەم زمانەوانەکان لەلایەن دابەشبونی جیاوازی نێوان یەک خیزانی زمانی زیاتر لەگەڵ ڕۆنانی درەختە خیزانیەکان دەیانگونجاند، هەندێ جاریش پەنایان دەبردە بەر نمونەی شەپۆلەکان، ئەوەش وایدەکرد وەکو زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراو سەیری زارەکان بکەن، بەڵام زانستی بۆماوەیی Phylogenetic لە شیکردنەوەکانیدا پێیوایە نمونەی یەکەم درەختەکان دەکرێ سود لە نمونەی دوەم وەربگرێ، بەڵام ئەوە لە جیهانی واقیعیدا هەندێ دژیەکی دێنێتەکایە، یان ئەوەتا گروپی قسەپێکەران لە ڕێگەی کۆچکردنەوە لێکدادەبڕێن یان ئەوەتە لە شوێنێکدا بەرەو بەرفراوانی دەڕۆن، چونکە مێژو زۆرجار کۆمەڵێک لە هەردو نمونەکە لە شوێنێ جێدەهێڵێ لەناو هەمان کۆمەڵە جێدەهێڵێ یان هەمان خێزانی زمان جێدەهێڵێ، ئێمە پێویستیمان مۆدەڵەکە کە هەردوکیان لەخۆبگرێ، خۆی لە تایبەتمەندیەکانیان بەدور بگرێ. لێرەدا جۆری (تەونی بۆماوەیی) Network Type of Phylogenetic دەتوانێ نمونەیەکی وا پێشکەش بکات، جۆری تەونەکە لە گەشەکردنی بۆماوەیی هەوڵدەدات بە جێبەجێکردنە نوێیەکانی زانیارییەکانی زماندا بچێتەوە، زۆربەشیان زانیارییە فەرهەنگییەکان دەستەبەر دەکەن، ئەوانەی کە وەکو جوت هێما یان فرە هێما کۆدکراون، لەبری ئەوە ئەو پێوەرە سەیری پیوانەی ماوەیی دەکات کە تیایدا تیبینی ئەوە دەکات کەوا دەنگەکان چەند لە یەکتر دورکەوتونەوتەوە، دەرهاوێشتەی تەونەکە لقەکان و هەندێکی وەکو نیشانەکان پێکەوە دەبەستێتەوە بە جۆرێک گونجانێک لەنێوان دابڕاوە مێژوییەکان (بۆ زمانە جێرمانییەکان بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، بەوەش سنوربڕییەک لە بەرامبەر داهێنانە هاوبەشەکان دێتە کایەوە کە تیایدا لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ دەرکەوتنی مێژوی ئاڵۆزی زمانەکان بە پێوانەکانی بۆماوەکان لەپاڵ هەبونی کردەی خۆپاراستنی هاوبەش و داهێنانە هاوتەریبەکان وەکو ئەوەی ئاماژەمان پێکرد لە سەرەوە ئەو چەمکی مێژوی دەرەوە و ناوەوە لە سێ بواری

سەرەکی بەکاردێت، مێژوی زانست و مێژوی هونەر و مێژوی زمانەوانی ئەوەی ئێمە پێویستمان پێیەتی مێژوی زمان و زمانەوانەییە، ئەو سێ بوارەش بە چەمکی جیاواز بەکاردێنن.

**بەشی دوەم: لایەنی درەختی بڵاوبونەوەکان**


**٢-١ سەرەتا**

پێویستمان بە ڕونکردنەوەی هەندێ لەو زاراوانە هەیە، کە لە تیۆرەکەدا ڕۆڵیان دەبێت.

**٢-١-١ قەدە ژێر خاکییەکان:**

لە زمانی عەرەبی بە (الجذمور) ناوی دەبەن، لە بەرامبەردا زۆربەی زمانەکان بە (Rhizome) ناوی دەبەن، کە لە بنچینەدا وشەیەکی گریکییە بە واتای ژمارە قەدێک، وا پێناسە دەکرێت: بریتییە لە قەدێکی ئاسۆیی، کە هەردەم لەژێر خاکدا دەڕوێ و گەشە دەکات زۆرجاریش واشدەبێ ئەو قەدە ڕەگ و گرێ و چرۆ دەردەکات، لەو ڕوەکانەی کەوا ئەو جۆرە قەدە (ڕایزومەکانی) هەیە ڕوەکی زەنجەبیل، گیای ونیار، کەرکەم، هەمو ئەو ڕوەکانەش تایبەتمەندییەکی دەوا و دەرمانی هەیە، هەروەها ڕوەکی جۆنسون...هتد. هەمان سیفەتی ئەو قەدەیان هەیە، لە زمانی عەرەبی کە بە (الجذمور) ناوی دەبات (ارموله)شی پێدەڵێن کە بە (ارامل/ ارامیل) کۆدەکرێتەوە، (جذمور)یش بە جذامیر کۆ دەکرێتەوە. ئەو ڕوەکانەی ئەو سیفەتە هەڵدەگرن بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەژێر خاکدا گەشە دەکات، درەختەکە ئەو شێوازە دەستەبەر دەکات، بۆ ئەوەی ڕوەکی تر بەرهەم بێنێت، ئەوەش لە ڕەگ و گرێی قەدەکان بەرهەمیان دینێ، بەپێی پێناسە گریکیەکان ڕایزۆم کە کۆمەڵە ڕەگێکی تایبەتن، قەدی ڕوەکێکی ژێر خاکن، بە بەردەوامی هەندێ ڕەگ و ڕیشاڵ بەرهەمدێنن و دەیاننێرێ، هەندێ بە ڕەگی ڕەگەکان، یان بە ڕەگی ڕەگە خشۆکەکان ناودەبرێن. ئەو ڕەگانە لە (چوقەلە) بچوکەکانەوە گەشەدەکەن و بە شێوەیەکی ئاسۆیی گەشەدەکەن، هەروەها ئەو ڕایزۆمانە توانای ئەوەشیان تێدایە، کە بوار بە چرۆکان بدەن بەرەو سەرەوە گەشە بکەن، خۆی (جذمور–ڕایزۆمەکان) قەدی سەرەکین و ئاسۆیی گەشە دەکەن، چرۆکراوەکان (Stolon)یش لە ڕایزۆمەکان دەچن، بەڵام ئەوان لەو قەدانەی کە هەنە گەشە دەکەن، ماوەیەکی زۆری دەوێ بۆ ئەوەی سەرلەنوێ چرۆ بکەنەوە، هەروەکو لە ڕوەکی فڕاولە بەدیدەکرێ، ئەو قەد و ڕەگانە (هەندێ گرێی ناوەکی کورت) یان هەیە، لە ژێرەوەی گرێکانەوە گەشە دەکات و چوقەلە و چرۆی تازە دەکات، لەسەرەوەی گرێکانەوە گەشە دەکات و بەرەو سەرەوە ئاڕاستە دەگرێ. (بڕوانە: Umberto Eco, 1984, 81). جان جاک لۆسرەک پرسیارێک دەوروژێنێت، ئایا کاتێ کەسێک زمانێک دەخاتەڕو، ئەو کەسە خودی خۆیەتی قسەدەکات، یان ئەوەتا زمانەکە قسەدەکات، بەواتای ئەوەی ئایا ئەو ئاخێوەرە بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەر هەمو یاسا و ڕێسای زمانەکەی خۆیدا هەیە، لای (دولۆز) هەندێ ئاماژەی وادەردەکەوێت، لەبارەی قەدی ژێر زەوی (ڕیزۆنەکان) و پێیوایە کە نمونەی پڕاوپڕ بۆ بازنەیەکی مەعریفی ئاماژە زمانییەکان بریتی نییە لە درەختەکە خۆی، بەڵکو (قەدە ژێر زەوییەکەیە)، لێرەدا لوسرکل و دولۆز و هاوبۆچونەکانیان باس لە دیاردەی

پاشماوەی زمانی (Residual)ی دیکە دەکەن، ئەو زمانەی لەدەرەوەی یاساکانی زمانەکە کاردەکات، سەیری ئەم هێڵکارییەی خوارەوە بکە:




هێڵکاری پەیوەندی نێوان سیستەمی زمان و کۆمەڵی قسەپێکەران

(بڕوانە: Harris, 1983, 86)

گەر سەیری وێنەکەی سەرەوە بکەین، بازنەی سیستەمی زمانەکە، بەپێی تێپەڕینی کات (ڕاستەهێڵە خاڵدارەکە دەینوێنێ) کۆمەڵەی قسەپێکەران لە سیستەمی زمانەکە دوردەکەونەوە، زمانێک دروستدەکەن بە (پاشماوەی زمان)ـەکە ناودەبرێ، لێرەدا قەدە سەرەکییەکە (ئەوەی سەر زەوی، سیستەمی ڕەسەنی زمانەکە دەگرێتەوە، کەچی (ڕایزۆنەکان) پاشماوەی زمانەکە دەنوێنێ و لە زمانە ڕەسەنەکە دوردەکەوێتەوە، درکە و خوازە و زمانی شاعیرانیش جۆرێکن لە پاشماوەیە. (بڕوانە: لوسرکل، ٨٢)

**٢-١-٢ کۆگا ڕوەکییەکان** Plant Tuber (**درنه النبات**):

بریتییە لە قەدێکی ڕوەک، گۆڕانێکی بەسەردا هاتوە ئەو چرۆیانە لەخۆدەگرێ، کە ڕوەکی نوێ بەرهەمدێنن، ئەو گرێ گوپدارانە وەکو ئامرازێکی کۆگاکردنی خۆراک کار دەکەن، ئەوانە وەکو پارێزەری ژیانی ڕوەکەکان کار دەکەن، بۆ نمونە پەتاتە، واتە ئۆرگانێکە بۆ عەمبارکردنی خۆراک.

ئەو گرێ ئاوساوانەن، کە لە وەرزی زستان و مانگە وشکە ساڵیەکان خۆراک و وزە بە ڕوەکەکە دەبەخشێ بۆ ئەوەی دوبارە گەشە بە ڕوەکەکە بداتەوە و ئامادەی بکاتەوە بۆ وەرزی داهاتوی گەشەکردن وەکو ڕێگەیەکی گەشەکردنی نازاوزێیی (التكاثر اللاجنسي) (Asexual Reproduction)، کە بریتیە لە جۆرێکی زۆربون بەبێ تێکەڵبونی جیناتەکانی نێر و مێ، یان بەبێ هیچ گۆڕانکاریەک لە ژمارەی کرۆمۆسۆمەکان، بە واتای زاوزێیەکی تاکرەوانەیە. پێچەوانەی ئەو (Gametes)، کە عەرەب بە (امشاج) تێکەڵبونی سیماجینەکانی زۆربونی نێر و مێ بەکاردێت. ئەوەی عەرەب بە (درنه الساق) ناوی دەبەن گرێیەکی ئاوساوی قەدەکەیە، یان چرۆیەکی پەلماوی قەدەکەیە و گەورە بوە بۆ ئەوەی وەکو کۆگایەکی هەڵگرتنی خۆراک بەکاربێت بۆ بەخشینی خۆراک لەو دو بارەی سەرەوە بە ڕوەکەکە، ئەو گرێ ئاوساوە بڕێکی زۆری نیشاستەی تێدا هەڵگیراوە، ئەو سیفەتە Modified Stolon،

لەو ڕووەکانە بەدیدەکرێت کە خاوەن سیفەتی (ڕایزۆمین) واتە Plants with Rhizomes، کاتێک کە ڕایزۆمەکە دادەبڕێت لە ڕووەکەکە هەر پارچەیەک لەو ڕووەکە دەتوانێ ڕووەکی نوێ بەرهەم بێنێ، ئەو ڕووەکەی بە ڕایزۆم یان جذمور ناومان بردن نیشاستە Starches، پڕۆتین Proteins، مادەی کانزایی تر Other Nutrition گەنجینە دەکات، کە هەموویان گرنگن بۆ ڕووەکەکە، کاتێک کە دەبێ چرۆی تازە New Shoots بەرهەم بێنێ، یان ڕووەکەکە دەمرێت لە وەرزی زستاندا ئەو کردەیە بە زۆربونی سەوزە بەندی Vegetative Reproduction ناودەبرێت. زۆربەی جوتیار و باخەوانەکان هەندێ ڕووەکی دیاریکراو بڵاودەکەنەوە ڕێگە بە بڵاوبونەوەیەکی لاوەکی دەدات وەکو (حەیزەران و گژوگیا) Bambo and Bunch نمونەی ئەو جۆرە گەشەکردنە ڕووەکی هلیۆن و زەنجەبیل Ginger and Irises، لیلەی دۆڵەکان Lily of the Valey، ڕووەکی لیفە Cannas زۆر جار ئەو ڕەگە عەمبار کراوە ڕوبەڕوی هێرشی بەکتیری و فطریات دەبنەوە وای لێدەکات گونجاو نەبێت بۆ دوبارە چاندنەوەیان، ئەوەی گەنجینەی کردوە زۆر کەم دەکاتەوە، دەشکرێ ئەوانە لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕستەکانەوە گەشەی پێبدرێ، واتە لە ڕەزەکانی دەستکرد دروست بکرێ.

زاناکان بەم دواییە هەندێ هۆرمۆناتی وەکو (ئیثیلین و ترشی جاسمۆلین) (Ethylene and Jasmonil) یان دۆزیەوە بۆ گەشەپێدان و ڕێکخستنەوەی ئەو جۆرە ڕەگانە بە تایبەتی لە (Rhubarb) ئەوەیان دۆزییەوە کەوا ماددەی ئیثیلین کە لە دەرەوەی ڕووەکەکە بۆ ڕەگەکە بەکاردێنن کاردەکاتە سەر ئەو ماددە ئیثیلینەی ناوەوە کە لە ڕووەکەکەدا هەیە، هاوکاری ئەو دەکات چۆن بەو ڕێگەیە بتوانین کار بکەینە سەر ئەو ڕەگانە وە گەشە بەو ڕەگە لاوەکیانە بدەین، کە لە ئاوسانی چرۆ وگرێکانەوە بەرهەمدێن، هەندێ ڕووەک هەن کەوا ڕەگەکانیان لەسەر ڕوی زەوی گەشە دەکات، لە بنچینەدا لەو ڕەگانەوە هاتون کە لە ژێر زەوی گەشەیان کردوە، دیاردەیەکی تری هەیە بە زاراوەی Regeneration ژیانەوە ناودەبرێ، ئەو دیاردەیە لە ڕووەکدا باوە بە وێنەی (مارمێلکە) (Lizard) کاتی کلکی دەپەڕێ ئەو کلکەی سەرلەنوێ دەژییتەوە، لە وێنەی چرۆکردنەوە Budding ناودەبرێ، ئەو پارچە بڕاوە خانەی نوێ بەرهەمدێنێ و ئۆرگانیزمەی تازە دەستپێدەکاتەوە، لەو ڕووەکانە ڕووەکی بەڕوی ڕۆژئاوایی Western Position Oak، فانوسی چینی. (Clarke, 2000, 41)

**٣-٢ڕەفتاری ڕووەکان:**

بیرۆکەی ئەوەی کە ڕووەکەکان ڕەفتاری ئاڵۆز لە وەڵامدانەوە دەنوێنن لە ئاست ئەو ژینگانەی بە لایانەوە تازەن، شتێکی نوێ نیە، چونکە داروین ساڵی ١٨٨٠ وەسفێکی تەواوی تۆڕە ڕووەکیەکانی کردوە، کاتێک بەهۆی: ڕوناکی، کێشکردن، و پەیوەندیکردنەوە بە ڕووەکی ترەوە دەوروژێن، لەو کاتەوە، ئەو بیرۆکەی وەڵامدانەوە وروژاندنی ڕووەکەکان کەوتۆتە ناو خوێندنی قوتابخانەکانەوە و لێکۆڵینەوەی جیاوازی لەسەر کراوە بۆ نمونە Krebs و Davies

ساڵی ١٩٩٧ لەبارەی ڕەوشتی ڕوەکەکانەوە، ئەو جۆرە پێناسەیان خستۆتەڕو: ڕەفتارەکان بریتین لە وەڵامدانەوە بۆ ڕوداوێکی ژینگەیی (بڕوانە: Karban, 2008, 227)

ئەو سیفەتە لە ڕوەکەکاندا لەڕوی ڕوکەشەوە بە سیفەتێکی (ناشلگەیی – غیر مرن) Phenotypic Plasticity لە عەرەبی بە (الدونە – عدم المرونە) ناودەبرێ.

بەواتای ئەوەی کاتێک هەر ڕوەکێک لەژێر کاریگەریی هەر کاریگەرێکی دەرەکی باری خۆی بگۆڕێ دوای لاچونی ئەو هۆکارەش ڕوەکەکە ناگەڕێتەوە دوخی جارانی خۆی. ئەو ڕەفتارەش لە بنچینەدا بنەمایەکی فیزیکی هەیە، کە بەهۆی کارلێکە کیمیاویەکانەوە ڕودەدات، بەڵام لە پاڵی ئەوەشدا، وەڵامدانەوەی وروژێنەرەکان بەو خێراییە ڕێژەییە، و بەردەوام نەبوە، ئەو ڕەفتارە لە لایەنە فیسیۆلۆجییەکانی تر و کارلێکە کیمیاوییەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەو ڕەفتارە (گۆڕانکاری لە جیناتەکان) (Genetic Changes) ناگرێتەوە، کە پێشتر پڕۆگرامکراوە بۆ ڕەوتی گەشەکردنی ڕوەکەکە.

بۆ نمونە ئەو ڕێچکەیەی دەگرێتە بەر لە گۆڕانی (تۆوەکاندا – Seeds) بۆ بون بە شەتڵ یان نەمام، (بڕوانە: Silvertown, 1998, 255)

## ٤-٣ دەرکەوتنەوە و خۆگۆڕین Heterogeneity and Change

ژینگەکان بەپێی شوێن و بە بەسەرچونی کات گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ڕوەکەکانیش وەڵامیان بۆ ئەو گۆڕانە ژینگەییانە دەبێ، یان ئەوەتا دەبێ جۆرە دەرکەوتوەکە خۆی بگۆڕێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخە تازەکە بگونجێ، ئەوە بە ناڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیێنێ، کەوا هەمو وەڵامدانەوەکان خۆگونجاندنە لەگەڵ ژینگەکە، ئەوەش دەزانین کە ئەو گریمانەیە لادانی تێدەکەوێ، هەندێ جار جێبەجێناکرێ، و هەندێ گۆڕانکاری ڕودەدات، کە لەگەڵ ژینگەکە ناگونجێ، لەگەڵ ئەوەشدا گریمانەی خۆگونجاندن لەلایەن ژینگەناسەکان بە سەرکەوتویی پەیرەوکراوە و گۆڕانە ڕوکەشییەکان هەندێ جموجۆڵی ڕوەکەکە دەگرێتەوە، لە پاڵ خۆگونجاندنی فسیۆلۆجیانە و گۆڕان، گەشەسەندنی ڕستەنی نوێ، یان خۆڕزگارکردن لە هەندێ لەوانەی هەنە، ئەو جۆرانە دژ بەیەکناوەستن و هیچیان ئەوی تریان ڕەتناکاتەوە، بۆ نمونە (ناشلگییەکان) لە ڕوی ئەو ڕەفتارەی دەینوێن و ئەو ژینگە و بارودۆخەی وەڵامیان بۆ دەبێ، ڕوەکە پاقڵەمەنییەکان، بۆ نمونە وەڵامیان بۆ وروژاندنە جەستەییەکان دەبێ، زۆر هەستەوەر دەبێ کاتێ کە مێروەکان ئازاریان دەدەن، گەڵا بەرامبەرەکانیان لول دەدەن بۆ ئەوەی خۆیان لە هەر مەترسیەکی دەرەکی بپارێزن، بە تایبەتی گەر جەستەی ڕوەکەکە بریندار بکرێت، ئەو ڕەفتارە زۆرجار وردەگیایەکانیش دەپارێزن لە پەلهاویشتنی دڕک و داڵەکاندا، ئەوە بە پاراستنی ناسنامەی زمانی نەتەوەیی ناودەبرێت، بەتایبەتی لای ئەو بەتەمەنانەی دەمارگیری زار و شێوەزارەکەیان هەیە، ئەوە شتێکی باشە بۆ پاراستنی زمانەکان لە لەناوچون، لە لایەنی ترەوە

پاقڵەمەنیە ئیستیواییەکان بە لولکردنی گەڵا و پەلەکانیان بەرامبەر بە تەوژمی بارانە بەهێزەکان دەوەستن. (بڕاونە: Braam 2005: 389).

| ورووژاندان Behavior ڕەفتار | Stimulus وەڵامدانەوە | Tissue Responding وەڵامی ڕستنەکان | Consequences ئەنجامەکان | References سەرچاوەکان بۆچونی زاناکان |
|---|---|---|---|---|
| Forging Movement جوڵە بۆ گەڕان بەدوای خۆراک | Contact, light, gravity پەیوەندیکردن، ڕۆناکی، کێشکردن | Many زۆر | Improved resource acquisition چاککردنی بەدەستهێنانی سەرچاوەکان | Darwin 1880 Braam 2005 |
| ڕەگ Root گەشەکردن Growth هەلوەرینی Sheeding | Nutrients نایترۆجین Water ئاو | Root ڕەگ گرێی قەدەکان | Improved resource acquisition | Hanching and Kroom 1994 |
| چرۆکردن Shoot گەشەکردن Growth هەلوەرین Sheeding | R/ FR light | چرۆکردن Shoot Meristem گرێی قەدەکان | Improved resource acquisition | Smith 2002 |
| Enzyme deployment Gas Exchange | Light ڕۆشنایی | Leaves گەڵاکان | Increased Photosythesis reduced زیادکردنی ئەو کردەی نواندنە ڕۆشناییەکان، ئەوەی کە لە دابەزیندایە | Percy and Smis 1994 |

خشتەی خستنەڕوی ڕەفتاری ڕوەک و هۆکار و دەرەنجامەکان

زۆربەی ڕوەکەکان وەڵامێکی بۆ ئەو هێرشانە دەبێ و دەبنە مایەی نەخۆشی بۆ ڕوەکەکە، یان بەرامبەر بەو ئاژەڵانەی لەسەر ڕوەک دەلەوەڕێن، وەڵامدانەوەکەش بەهۆی گۆڕینی سیماکانی دەرەوەی ڕوەکەکە دەبێ. (بڕوانە: Karban and Baldwin, 1997, 384)

وەڵامدانەوەکانی ڕوەکەکە تایبەتمەندی کیمیاوی و فسیۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی دەگرێتەوە، هەندێ لە وەڵامدانەوەکانی وا دەکات ڕوەکەکان کەمتر بکەونە ژێر کاریگەریی کارلێکەکانی دەرەوە، ئەوەش لە گونجاندنی ڕوەکەکە زیادتر دەکات بۆ ئەوەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر نەبێ.

لە کۆنەوە سێ لایەن لە وەڵامدانەوەی ڕوەکەکان دەستنیشانکراوە، کە بە سێ نمونە ڕونکراوەتەوە:

١. ئەو ڕوەکانە میکرۆبەکان هێرشیان دەکەنە سەر، دەکەوێتە ژێر گۆڕانکارییەکی زۆری کیمیاوی فیزیاوی بۆ ئەوەی ڕیگە لە میکرۆبەکان بگرێت و سنورێک بۆ نەخۆشیهێنەکە دابنێ. بۆ ئەوەی لە ژیان بمێنەوە، (بڕوانە Ferreira et al. 2007: 677).

٢. ئەو کەڵەکەبوەی ڕوەکەکە هەیەتی لە وەڵامی میکرۆبات و فطریاتەکان، کە بە ئاسانی دیارناکەوێ و هەستی پێناکرێ، تاوەکو دوچاری میکرۆب نەبوە.

٣. خۆی ڕوەکەکە یان گیایەکە خۆی وەڵامێکی دەبێ، چونکە لە پێکهاتەی ڕوەکەکە خۆی ئەو لایەنە بەرگری تێدایە، بۆ نمونە لە ڕوەکی (توتن)دا بڕی نیکۆتینەکە زۆرجار دەبێتە مایەی بەرگریکردن لە خودی ڕوەکە، ئەوەش لەلایەن ڕەگی توتنەکەوە بەرهەمدێت و بە ڕستەی ڕوەکەکە دەردەکەوێ (بڕوانە Baldwin 1999: 95)

**بەشی سێیەم:**

**٣-١ سەرەتا:**

بۆ ئەوەی زۆر بە دوبارەی بۆچونەکاندا نەچینەوە لەو بەشەدا هەوڵدەدەین لێکچواندنێک لەنێوان پەلهاوێشتن و وەستاندن لە گەشەکردنی ڕوەکەکان بە بڵاوبونەوەی زار و زمانەکاندا، سەبارەت بە قەدە ژێرخاکییەکان بخەینەڕو:




هێڵکاری گەشەی زمانی لەژێر ڕۆشنایی زانستی درەختەکان

کەواتە ئەو تیۆرە هەردو درەختی خێزانەکان و شەپۆلەکان لەخۆدەگرێ. ئەوەی ژێر زەوی بەڕەگی خشۆک ناودەبرێ.




هەندێ جار گرێی ئەو ڕەگە ئاسۆییانە بەپێی جۆری نەرمی خاکەکە، ئەو چرۆیانە لە شوێنێکی دیاریکراو بەرەو سەرو گەشەدەکات و وەکو ڕوەکێکی تازە لە خاکێکی تازەدا، وەکو درەختێکی سەربەخۆ دەڕوێ. ئەوە ئەگەر دەوروبەرەکەی بێدرەخت بن، یان درەختی لاوازبن، لەوێ ئەو درەختە پەلدەهاوێژێ و نەوەیەک لەو جۆرەی خۆی دەنێتەوە، بێگومان ئەو زمانە یان زارە پەیوەندییەکی بە زمانە ئەسڵییەکە دەمێنێتەوە، کە بە دابڕاوی لە ژینگە دورەکەی خۆی گەشەدەکات، نمونەی زازاکی، کە دور لە بنەما هەورامییەکەی خۆی لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستان گەشەیکردۆتەوە، لە درەختەکەدا هەندێ جار ئەو قەدە ژێرخاکییە بەهۆی هەر هۆکارێکی سروشتی ژێرخاکەوە لای دواوەی ڕەوتەکەی کە بە قەدە ستونیەکەی سەر خاکەکە دادەبڕێ و بەهەمان هۆکاری سروشتی ڕێگە لە بەرەوپێشەوەچونی دەگیرێ، بەلاوازی لە شوێنێکی دور لە قەدە ئەسڵییەکە بە هەمو سیما درەختیەکەی خۆی لە شوێنێ سەرهەڵدەدات، دابڕاو لە زۆربەی جۆرەکانی تر، ئەو دیاردەیە زۆرجار دابڕانی دێهاتێک، یان چەند دێهاتێک زار و زمانەکەی خۆی دەپارێزن و وەکو خاوەن ئاخاوتنێکی تایبەت لە چەند دێیەک دەگیرسێنەوە، ئەوە نمونەی زۆرە لە ناوچەی (تەقتەق)ی سەر بە قەزای کۆیە، لە گوندەکانی (سێگردکان و ئۆمەرگومەت ....هتد) زارەکانیان دەگەڕێتەوە سەر شێوەزاری لوڕ و کەلهوڕەکان، بەتایبەتی لەنێوان خۆیاندا، لێرەدا تیۆرێک هەیە بەناوی تیۆری (سەلکە پیازێک–Onion Theory)، کە لەلایەن (Altman و Taylor)، لە ساڵی ١٩٧٣ خرایەڕو لەبارەی کاریگەریی دەرەکی و ناوەکی کۆمەڵگاکان، کە تیایدا تەنیا توێکڵی دەرەوەی پیازەکە دەکەوێتە بەر کاریگەریی ژینگەی دەوروبەری خۆی)، ئێمە نامانەوێ زۆر لەسەر ئەو تیۆرە بڕۆین. ئەو جۆرە دابڕانە بەردەوام دەبێ تاکو پیاوە بەتەمەنەکانیان دەمێنن، کە هەردەم ڕۆژانە، وەکو ئەوەی لە بەشی دوەم وەکو پێدانی (ئەسیلین و ئەو ترشەی لە دەرەوە بە ڕوەکەکە دەدرێت کاریگەرییەکەی دەچێتە پێکهاتەی دارەکەوە) ئەو ڕۆژانە لەلایەن گەورەکانیان لەماڵەوە قسەی پێدەکرێ، کە دەچنە دەرەوەی ماڵ بەزاری ئەو ناوچەیە دەدوێن، واتە پارێزگاری لە قەدە دەرکەوتوەکەی سەر خاک و ژێر خاکەکە دەکەن، ئەوەش بەشێکی بۆ ئەو تیۆرە دەگەڕێتەوە، کە لە بەشی یەکەم بە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی بەناوی Identity Affirmation Act Theory ناودەبرێ، بەتایبەتی ئەو کردە پێداگرییە زیاتر دەوروژێت، کە زمانێک کەوتەبەر هەڕەشەی زمانێکی تر و مەترسی لەناوچونی هەبو، بەڵام ئەو بیرکردنەوەیەش

لە زۆربەی زار و شێوەزارەکاندا لەلایەنی هەندێ لە قسەپێکەراندا دەردەکەوێت، بۆ نمونەی ئەو بیرکردنەوەیە ماوەیەک نەیاران پەرەیانپێداوە لەنێوان شێوەزاری سۆرانی و بادینی.

مانەوەی ئەو پیاوە بەتەمەن و زمانزانانە وەکو ئەو گرێ ڕەگە ئاوساوانەیە، کە زار و زمانەکە لە مردن و لەناوچون دەپارێزێ، کە پێشتر ئێمە بە Plant tuber ناومانبرد، وشکەساڵی و ساردی زستانەکان، کە دەکرێ وەکو ئەوەی لە ململانێی نێوان زار و زمانەکان بە لەشکرکێشی و داگیرکاریی و بازرگانی زار و زمانەکانی دەکەونە بەر هەڕەشەی لەناوچون. ئەو دابڕانە دەکرێ وەکو پۆلکردنەکەی درەختە خێزانییەکان سەیر بکرێت.

کاتێک کە زمانەکە ڕوبەڕوی هێرشی لەناوچون دەبنەوە، وەکو ئەوەی زمانەکان هەوڵدەدەن بۆ لەناوبردنی زمانی کوردی دەیدەن، یەکێک لەو گرێ ئاوساوانەی ڕۆڵی دەبێ لەدوبارە ژیانەوەی زمان و زارەرکە بریتییە لە بواری خوێندن و گەشەی ڕۆشنبیری و خوێندنی خوێندنگا و قوتابخانەکان، کەچی ئەمەیان لەلایەن تورک و فارس و عەرەب لە ناوچە جێناکۆکەکان پەیڕەو دەکرێ، ئەوە لەسەر ئاستی نەتەوەیی وەکو ئەو (ئەسیلین) ەیە کە بەردەوام وەکو باخەوان جوتکارەکان بە ڕوەکەکانیان دەیدەن، هەندێ جار ڕوەکەکان بۆ پاراستنی خۆیان بەرامبەر مێروە زیانبەخشەکان و بەکتریا و فطریاتەکانەوە هەندێ جار گەڵاکانیان ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی یان گەڵا و قەدەکانیان لول دەدەن، یان بە جۆرە لیکاوێکی چڕلێشاوی دەردەدەن بۆ خۆپاراستن، یان مادەیەکی ژەهراوی دەردەدەن، وەکو ئەوەی ڕوەکی توتن ماددەی (نیکۆتین) دەردەبڕن بۆ ئەوەی بیپارێزن لەوەی ببن بە خۆراکی پەلەوەر و گیانەوەرەکان.

ئەوەی زمان دەیکات بەڕێگەی خەباتی نهێنی و پەخشنامە و ڕاگەیاندنەکان بەشێکن لەو خۆپاراستنە. ئەو کردەیە لە ڕوەکەکاندا بە زۆربونی سەوزەبندی Vegetative reproduction، کە لەوێنەی چرۆکردنەوەی ڕوەکەکانیان دەبێ، کە بە budding ناودەبرێ.

**٢-٣ دیاردەی ناشگلەیی (اللدونە)** Phenotypic Plasticity

ئێمە لەبەشی دوەم باسمان لەو دیاردەیە کرد، لەوەی گەر ڕوەکێک بە هەر هۆکارێکی ژینگەیی دەرەکی کەوتە دۆخێکی تازەوە، دوای لادانی یان لاچونی ئەو هۆکارەش ڕوەکەکە ناچێتەوە دۆخی جارانی خۆی، ئەوە لە زماندا وەکو ئاگردارکرنەوە یەک سەیردەکرێت، بەتایبەتی بۆ کورد لە:

١- نەبونی قەوارەیەکی سیاسی – نەتەوەیی

٢- نەبونی زمانێکی پێوانەیی (ستاندەرد) و دروستکردنی ئەتڵەسێکی جوگرافی، هەمو ئەو زار و شێوەزارانە لە دەوری ئەو چەق زمانییە جەمسەربگرن.

٣- ناساندنی زمان و زار و شێوەزارەکان بە یونسکۆ و یونسێف و هەمو دەزگا جیهانییەکان تایبەت بەو کەلتورە.

٤- نەبونی دەزگایەکی کەلتوری – زمانەوانی، بۆ ڕزگارکردنی زمانەکە لەو بێخاوەنی و پەرت و بڵاوییەی، کە ئێستا لە ئارادایە.

- **سیما و جۆری گۆڕانەکە:**

ئاماژەمان بەوەدا، کەوا گۆڕانکارییەکان ناخرێنە ناو جیناتەکانەوە ئەوە خاڵێکی گرنگە لەوەی پۆلی زمانەکە کە تێکەڵ بە ژینگەیەکی زمانی تر دەبێت، ئەگەر زمان و زارەکە لەڕوی پۆلی مۆرفۆلۆجی و ڕەچەڵەکی زمانەکە هاوڕەچەڵەک نەبن کاریگەرییەکە، گۆڕانکارییەک تەنیا بریتی دەبێ لە وەرگرتن لە چێوەی وشە و زاراوەکاندا، بەڵام ئەو بەردەوامبونەش دیسانەوە کاریگەری نەرێنی دەبێ لەسەر ناوکی زمانەکە و ڕیزکردنەکە لەناوەوە هەڵدەتەکێنێتەوە، بەڵام ئەو هەوڵانەی دەدرێ بۆ ترازاندنی زارێک یان شێوەزارێک و لکاندنی بە زمانێکی تر، بە خاڵی سێیەمی سەرەوە ڕێگەی لێدەگیرێ، هەر بۆیەش بەدرێژایی مێژو زمانی کوردی هاوسێ و هاودەمی زمانی عەرەبی بوە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوە بەو تەمەنە درێژەش کورد بەو پراوپڕییە فێری زمانی عەرەبی نەبێ بەو شێوە وەرگرتنەی وەکو (مەلەکە – Competence) پێی بدوێ.

- **جۆری بڵاوبونەوەکە:**

جگە لەو قەدە ژێر زەوییە ئەوەی هدسن لە سنوری تۆوکردن و چاندنەکە باسیدەکات، هەندێ جار تۆوە چاندراوەکە بەهۆی شەپۆلی ئاو، و جێگیر نەبونی تۆوەکە، بەڕێگەی با و باران و ئاوەوە دەگوازرێتەوە شوێنێکی تر.

شینبونی ئەو تۆوە نوێیە دەکەوێتە بەر کاریگەیی ئەو ژینگەی ئاووهەوا و جۆری خاکەکە، لەوانە یەکسەر بپوکێتەوە، سەرەتای گەیشتنی تۆوەکە لەوەوە دەستپێدەکات، ئایا ئەو تۆوە لەو ژینگەیە تاکو چەند دەتوانێ مادده خۆراکییەکان عەمبار بکات و توانای پیتاندنی هەبێ؟ چونکە تۆو لەو پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:

١- پۆلێن (جنین)ەکە، کە بە دروستکەری ڕوەکی نوێ دادەنرێ، کە لەیەکترکردنی هەردو کرۆمۆسۆمی نێر و مێ دروست دەبێ.

ئەو لە زماندا بەپۆلی زمانەکە و ڕەچەڵەکی ئەسڵی زمانەکە دەچوێنرێ.

٢- تەونە هەڵگیراوەکان (الانسجە المختزنە ) تۆوەکان خۆراک لە دوکەرتییەکە (الفلقان) یان لە (الاندروسبرم) یان (البرسبرم) و پێی دەڵێن الاندروسبیرمیە – albuminous، نا ئەندرۆسپێرمەکان پێی دەڵێن exalumens لەوبارەدا خۆراک لە (الفلقان) هەڵدەگیرێ یان هەندێ جار لە (برسوم) کە لە (نیوسیلە).

٣- الاغلفە البذریة، توێکڵی دەرەوە تاریکە و توێکڵی دواتر شەفافە.

جۆرەکانی تۆو:

١- تۆوی تاکەبۆهێن: تەنیا یەک درەخت بەرهەمدێنی ئەو زمانانەی بێ زار و شێوەزارن. زۆر کەمن ئەو زمانانەی یەک شێوەی بەکارهێنانیان هەیە، مەگەر لە ستانداردا هەبێت، کە ئەویش زیاتر زمانی نوسین و دیوانی دەگرێتەوە.

٢- تۆوی فرەبۆهێن: کە زیاتر لە درەختێک بەرهەم دێنێ، زمانە فرەزارەکان.[iii] زمانی کوردی لەم جۆرەیانە، کە دەبینرێت چەند زار و چەندان شێوەزاری لەخۆگرتوە.

### زۆربونی تۆکاریانە:

زۆربونی ڕوەکەکە لەڕێگەی تۆوە بۆهێنەکە بەهەردو کردەی التلقیح و الاخصاب، بەڵام ئەو ڕێگەیە لە زۆربونی میوەکاندا جیاوازە، چونکە بە ڕێگای زۆربونی زاوزێیی زیاد دەکات. زۆربەی دارە میوەکان پیتانێکی دولایەنی تێدایە و دابڕانی بۆماوەیی دێنێتەکایە، کە تۆی زۆربون و هێڵکەکان بەهۆی زۆربونی چرکەرایی ڕودەدات، توشی دابڕان یان لێکترازانی بۆماوەیی دەبن، کرۆمۆسۆمە جوتبوەکە لەڕوی بۆماوەیی جیاوازن.

هەربۆیە میوەکان زەمینەی ئەوەیان تێدایە تێکەڵبکرێن بە جۆری تری میوەکان و میوەیەک دروست بکەن یان تامی هەردو ڕوەکەکە یان هیچیان هەڵنەگرێ.

ئەوە زیاتر بۆ دروستکردنی زمانی ستاندەرد شیاوە، لەوەی زارێک یان شێوەزارێک بکرێت بە زمانی پێوانەیی (ستاندارد)، یان زمانێکی تێکەڵ لە هەمویان بێتەکایەوە. بەهۆی کەڵەکەبونی زۆرترین ئاخێوەرانی زمانێک لە پایتەخت، یان ناوچەیەکی گرنگی وڵات، کە بێگومان هەر گروپێک لەو ئاخێوەرانە بە شێوەزارێکی تایبەتی دەئاخڤ، ئەم مۆدێلە دێننە کایەوە.

### ڕواندنەوەی تۆوەکان:

هەندێ جار تۆوەکان کەدوای ماوەیەک لە زۆربون دەکەون سەرلەنوێ دەکەونەوە گەڕو بەڕێگەی کردەی سروشتی و کیمیاوی دەست بە بەرهەن دەکەنەوە.

زۆربەی زۆربونی ڕەگە ژێرزەمینیەکان بەڕێگەی زۆربونی نارەگەزی دەبن، چونکە بەهیچ لە ڕێگە سروشتییەکان دوچاری پێتاندن نابنەوە، بۆیە ئەو جۆرە زاوزێیە بە دابڕاوی دەمێننەوە زیاتر لەوەی هەن پەلناهاوێژن. لە سنورێکی دیاریکراودا دەمێننەوە. هەمان شت سەبارەت بەو زمانانەی دەکەونە ژینگە زمانێکی ترەوە ڕەچەڵەک جیاواز و نەتەوە جیاواز. کۆچکردنی (زازایی) یەکان تێکەڵبونیان بە زمانی عەرەبی زمانێک دێننە کایە نە زمانی زازاکی ئەسڵە نە عەرەبی پاراو.

### کۆچکردن بۆ تاراوگە (دیاسپۆرا)

گەر منداڵە کۆچکردوەکە بەر لە زمان پژان کۆچبکا، ئەو کات دەزگای توانستەکە گەر لەلایەن دایک و باوکەوە بەگەڕنەخرێ بە زمانی دایکەوە بەر لە چونە قوتابخانە ژینگەی زمانەکەی ماڵەوە و گەشەپێدانی توانستەکە تا ڕادەیەک زمانەکەی دایکی جێگیر نابێت.

ئەوانە دوای زمان پژان سەفەر دەکەن ژینگەی قوتابخانەکە لەگەڵ ئەو ماوە کەمەی ژینگەی دایک و باوکی ناتوانن لەگەڵ توانستی هاودەنگ و هاوڕێک بن، ئەوەی چۆمسکی لە پڕۆگرامی بچوککراوە باسی دەکات، زمانێکی تێکەڵی دەبێ، بە وێنە دارە میوەکان لە ئەسڵەکەدا دادەبڕێت. وەک نەوەی یەکەمی ئەو خێزانانەی لە کوردستان کۆچیانکردوە و لە تاراوگە دەژین و منداڵەکانیان فێری زمانی کوردی دەکەن. کاریگەری ژینگەی دەرەوە زمانێکی جیاوازتر لەوەی باوانیان دێنێتە کایەوە.

## ئەنجامەکان

هەندێ لەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەیەدا دەکەوێتەوە:

١- قسەپێکەرانی هەر زمانێک لە خزمەتی زمانەکەیدا، بەوێنەی باخەوانێکە لە خزمەتی باغ و درەختەکانیدا، هەر سستی و پشتگوێ خستنێکی باخەوانەکە بۆ باخەکەی، باخێکی وشکی بێبەرو بەرهەم دەچنێتەوە، زمانیش بەوێنەی ئەو باخە پێویستی بە پاراستنە لەو خزان و ترانجانە دەرەکییەی بە وێنەی مێروە زیانبەخشەکان لە ناوەوە زمان توشی خۆرک و خوران دەکات.

٢- ئەگەر ئێمە زارو شێوەزارەکان بەو چرۆ و گوپە ئاوساوانە بچوێنین، کە لە قۆناغێکدا دەبنە مایەی بەهاناهاتن و ژیاندنەوەی ڕوەکەکە، زار و شێوەزارەکان مایەی بەهێزبونی زمانەکەیە نەک لاوازکردنی، بە مەرجی ئەوەی لە زمانێکدا کاربکەن، بۆیە جێگیرکردنی ئەتلەسی زمان و زارەکان لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەهای خۆی دەبێ.

٣- لە زانستی درەختەکاندا باس لە دیاردەیەک دەکرێ لەوەی کاتێک کە درەختێک بەهۆکارێکی دەرەکی گۆڕانێکی بەسەردادێ دوای لاچونی هۆیەکەش درەختەکە ناگەڕێتەوە باری جارانی خۆی، ئەوە ئاگادارکردنەوەیەکی باشە لەوەی ئەو هاتنەناوەوەی بێسنورەی وشەکان چ مەترسییک لە سەر زمانەکە دروستدەکات.

٤- زۆربونی درەختەکان بە ڕێگەی یەکتوخمی بێپیتاندن ئەو زمانە بازرگانییانە دەگرێتەوە، کە بە ڕێگەی تێکەڵبونی ڕوکەشیانە دروست دەبن بەتایبەتی لە پایتەختەکاندا، لەناوچونی ئەو زمانانە ئاسانترە لە چاو زمانە ڕەسەنەکان.

# The spread of dialects and languages between branching and fading in the light of botany

**Sabah Rashed Qadr**

Kurdish Department, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

The languages that spoken on the earth are between growth and decay, for this it has many factors. The type of destruction dependent on historical circumstances. (Baker, 2003) assumes that, as a historical result of the confrontation of two nations in two very specific circumstances in combining elements of the two languages and creating a new language, The Morphological differences play a role in the resistance of languages to extinction, When they neighbor each other while they have different morphological classes (for example, Kurdish and Arabic).
Therefore, for the above reasons, it is often more favorable to preserve the language in all its dialects than to try to standardize it.
This research is entitled (The spread of dialects and languages between branching and fading in the light of botany). The foundations of this idea belongs to the views of botanists about the way plants grow in relation to different environments. Converting this idea to the field of dialectology appeared by the linguist (Hudson). Linking this model to plant developments in different environments is the focus of analysis in this model, and the research delves into its explanations in some linguistic phenomena and manifestations that have not been addressed in previous models and theories, such as the separation of dialects from their languages, and the remaining of speakers of a dialect in a confined area, far removed from its dialect or their original language? Can languages in their speakers' resistance in linguistic conflicts, be likened to the secretions that plants produce in the face of all the dangers and pests that pose a danger in their growth process and in different environments? The research tries to answer all the questions، that have been closed to satisfactory solutions.

**Keywords**: Branching and Fading, Rhizome, acts of identity assertion, Wave Theory, Botany.

## سەرچاوەکان:


**جان جاك لوسركل**، (٢٠٠٥)، عنف اللغة، ترجمة: محمد بدوي، المعهد العالي العربي للترجمة، بيروت.

**Altman, I., & Taylor, D.**, (1973), social penetration, New York, Holt Rinehart and Winston.

**Baker**, P., (2003), Multilingual capital, the language of London, Oxford University Press.

**Baldwin**, I. J. (1999), Inducible Nicotine Production in Native Nicotina, as an example of adaptive phenotypic plasticity, 2nd ed., Blackwell Press.

**Braam**, J. (2005). In touch: Plant Responses to Mechanical Stimuli, Blackwell publishing, Lad/CNRS.

**Clarke**, R, L. W. (2000), Root versus Rhizome, an Epistemological Break Journal of West Indian.

**Crystal**, D., (1971), Linguistics, Pelican, original.

**Ferreira**, R. B, **Monteiro**, S., Freitas, R., Santos, C., Chen, Z., Batesta, L. M., (2007). The Role of Plant Defense Protein, Blackwell Press.

**Fromkin** V., and **Rodman** R., (1988), an Introduction to Language, Holt Rinehart and Winston, Inc.

**Harris** & Roy, (1983), Reading Saussur: a critical commentary, London Duckworth.

**Hudson** R. A., (1980), Sociolinguistics, Cambridge University Press.

**Karban**, (2008), Plant Behavior and Communication, Cambridge University Press.

**Karban**, R., and **Baldwin**, I. J. (1997). Induced Responses to Herbivory, University of Chicago Press.

**Kaylan**, S., & **Francois**, A., (2018), Understanding Language genealogy Alternatives to the tree model.

**Le Page** and **Keller**, (1985), Language Identity, The Handbook of Sociolinguistics, Blackwell Press.

**Mannava**, S., (2014), Micro-narrative compensating the omission of Hopkins university press.

**Matthews**, P. H., (2007), Conscious Dictionary of Linguistics, Oxford University Press.

**Robert** Musil, (1995), the man without qualities, New York, Random house.

**Siegel**, J., (2008), The emergence of pidgin and creole language, oxford university press.

**Silvertown**, Jm., (1998), Plant Phenotypic Plasticity and Non-Cognitive Behavior, Harvard University Press.

**Umberto** & Eco, (1984), semiotics and philosophy of language, Indiana university press.

**Amal Al-Atoum**, (2022): (e3arabi - أجزاء من البذرة – إي عربي

i – قۆناغی تاریکی لە مێژوی ئینگلتەرە (٤١٠– ١٠٦٦)، واتە نزیکەی شەش سەدە و نیو، لە نێوان کۆتایی حەکمی ڕۆمانەکانی داگیرکەری نورماندییەکان کە تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە لە مێژوی ئینگلیزەکان ئەو مێژوە درێژە وەکو قۆناغ جۆرێکە لە سنوربڕکێ (تحدی) Challenging بۆ لێ تێگەیشتن سەیردەکرێ لەوەی بۆچی بە قۆناغی تاریکی Dark Ages سەیردەکرێ.

ii – من ئەو ڕاستیەم لە زانکۆی چەرمۆ بە هەندێ دۆکۆمێنتەوە وەکو توێژینەوە پێشکەشکرد.

iii – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێکهاتەی تۆوەکان و جۆرەکانیان، بڕوانە: (Amal Al-Atoum, 2022)
e3arabi – إي عربي – أجزاء من البذرة